# وەقایعی كوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی كوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە (٢٣٥) ساڵی هەژدەهەم ١٨/ نیسان / ٢٠١٩/ زاینیی ٢٩/ نەورۆز / ٢٧١٩ كوردی ١٣/ شعبان/ ١٤٤٠ كۆچی

235


لەم ژمارەیەدا :


**فەرمانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی كوردستان** ل ١

هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگر و بڕیاردەری لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان

**فەرمانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی كوردستان** ل ٥

هەڵبژاردنی بڕیاردەری لیژنەی ( كاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەكاربەر)

**بڕیاری ساڵی ٢٠١٩ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٦

كۆتایی هێنان بە سەرجەم رەسیدی تەمویلكراوی پاشماوەی گشت دامەزراوەكانی هەرێمی كوردستان

**رێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٩ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٢٧

هەڵوەشاندنەوەی رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٤ تایبە بە خانەنیشنی خاوەن وەزیفە باڵاكان

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو** ل ٧

پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی نەمامگە

**رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٢

گەڕاندنەوەی پشكی پێشینەی هاوسەرگیری

**رێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٣

خەرجكردنی جیاوازی مووچە و دەرماڵە

**رێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٩وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٤

هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەكەوتی مووچە

**رێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٩وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٥

تایبەت بە لێخۆشبوون لە پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە و سندوقی نیشتەجێبوون

**رێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٩وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٦

رێنمایی تایبەت بە پاككردنەوەی نەخۆشخانەكان

**بەیانی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٧

هەمواری یەكەمی بەیانی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٨

**بەیانی ژمارە(١ - ٢)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی داد** ل ١٨

**بەیانی ژمارە(ژمارە(٤ – ٥ – ٦ – ٧ – ٨ – ٩ – ١٠ – ١١ – ١٢ – ١٣ – ١٤)ی ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی تەندروستی** ل ١٩



ناونیشان : هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎:(٢٢٤٥٠٠٨-٢٢٤٥٠٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٠١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٣٥) السنة الثامنة عشرة ١٨/ نيسان/ ٢٠١٩ ميلادي ٢٩/ نەورۆز/ ٢٧١٩ / كوردي ١٣/ شعبان/ ١٤٤٠ هجري

235

**في هذا العدد:**

**أمر رقم (١) لسنة ٢٠١٩ برلمان كوردستان - العراق** ص ٢٢

**أمر رقم (٢) لسنة ٢٠١٩ برلمان كوردستان - العراق** ص ٢٦

**تعليمات رقم (١)لسنة ٢٠١٩رئاسة مجلس الوزراء** ص ٢٧

الغاء التعليمات رقم (١) لسنه ٢٠٠٤ الخاصة بالقانون بتقاعد اصحاب الوضائف العليا فى اقليم كوردستان

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٩ وزارة الزراعة و الموارد المائية** ص ٢٨

منح الإجازة لإنشاء المشتل

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**قرار لسنة ٢٠١٩ رئاسة مجلس الوزراء** ص ٦

**تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠١٩ وزارة المالية والاقتصاد** ص ١٢

**تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠١٩ وزارة المالية والاقتصاد** ص ١٣

**تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠١٩ وزارة المالية والاقتصاد** ص ١٤

**تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠١٩ وزارة المالية والاقتصاد** ص ١٥

**تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠١٩ وزارة المالية والاقتصاد** ص ١٦

**بيان رقم (٣) لسنة ٢٠١٩ وزارة الداخلية** ص ١٧

**بيان رقم (١ - ٢) لسنة ٢٠١٩ وزارة العدل** ص ١٨

**بيان رقم (٤ — ٥ — ٦ — ٧- ٨- ٩- ١٠ -١١- ١٢ -١٣- ١٤) لسنة ٢٠١٩ وزارة الصحة** ص ١٩

No. 235 Date: April , 18 , 2019 Vol.: 18

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

چاپخانەی شەهاب هەولێر

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎: (٢٢٤٥٠١٤-٢٢٤٥٠٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٠٠٨)

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان-عێراق**
**ژمارەی فەرمان: ١ لە ٢٠١٩/٣/٢٠**

**فەرمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشت بەبڕیاری ژمارە (٤)ی دەرچووی رۆژی ٢٠١٩/٣/١٢ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق و حوکمی بڕگە (٣) لەماددەی (٢٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ، ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کە ناویان لەخوارەوە هاتووە ئەم ئەرك و فەرمانانە دەگرنە ئەستۆ کە بەرامبەر هەریەکەیان دیارکراوە:

**١- لیژنەی کاروباری یاسایی :**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | بژار خالد عبدالله | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | عباس فتاح صالح | جێگری سەرۆك |
| ٣ | جلال محمد امین | بڕیاردەر |
| ٤ | خدیجە عمر طه | ئەندام |
| ٥ | روپاك احمد رحمان | ئەندام |
| ٦ | روبینا اویملك عزیز | ئەندام |
| ٧ | سارا دلشاد بكر | ئەندام |
| ٨ | سلام عبدالله حسن | ئەندام |
| ٩ | كاوە عبدالقادر حسن | ئەندام |
| ١٠ | رۆژان محمد كریم | ئەندام |
| ١١ | ارشد حسین محمد | ئەندام |

**٢- لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری:**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | رێواز فایق حسین | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | هێڤیدار احمد سلمان | جێگری سەرۆك |
| ٣ | محمد سعدالدین انور | بڕیاردەر |
| ٤ | ارشد حسین محمد | ئەندام |
| ٥ | لیزا فلك الدین صابر | ئەندام |
| ٦ | زیاد جبار محمد | ئەندام |
| ٧ | بهجت علی ابراهیم | ئەندام |
| ٨ | علی حمه صالح | ئەندام |
| ٩ | سۆران عمر سعید | ئەندام |
| ١٠ | شێركۆ جودت مصطفی | ئەندام |
| ١١ | نجاة شعبان عبدالله | ئەندام |

**٣- لیژنەی پێشمەرگە وناوخۆ وئاسایش وئەنجومەنە خۆجێییەکان**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | عبدالله محمود محمد | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | عثمان كریم سوارە | جێگری سەرۆك |
| ٣ | شاخەوان رؤوف مصطفی | بڕیاردەر |
| ٤ | سروان محمد علی | ئەندام |
| ٥ | جمال حویز مصطفی | ئەندام |
| ٦ | حكمت محمد عەبو | ئەندام |
| ٧ | باڵانبۆ محمد علی | ئەندام |
| ٨ | نزار ملا عبدالغفار | ئەندام |
| ٩ | ابوبكر عمر عبدالله | ئەندام |
| ١٠ | رومیۆ حزیران نیسان | ئەندام |
| ١١ | رێڤینگ محمد محمد | ئەندام |

**٤- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری :**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | عثمان علی سمایل | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | شوان كریم محمد | جێگری سەرۆك |
| ٣ | سفین اغا عمر اغا قادر | بڕیاردەر |
| ٤ | زیدان رشید خان اودل | ئەندام |
| ٥ | هێرش حسن حمد فقی | ئەندام |
| ٦ | عثمان كریم سوارە | ئەندام |
| ٧ | یاسین خضر طه | ئەندام |
| ٨ | سیپان سالم حسین | ئەندام |
| ٩ | د . صباح محمود محمد | ئەندام |
| ١٠ | اسماعیل علی طه | ئەندام |
| ١١ | محی الدین حسن یوسف | ئەندام |

**٥- لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | سلام عبدالله حسن | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | زێدان رشید خان اودل | جێگری سەرۆک |
| ٣ | گلاویژ عبید عثمان | بڕیاردەر |
| ٤ | حسیبە سعید ابراهیم | ئەندام |
| ٥ | گلستان باقی سلێمان | ئەندام |
| ٦ | شەمۆل اشین صابر | ئەندام |
| ٧ | راهی راهبر ابراهیم | ئەندام |
| ٨ | ئاشنا عبدالله قادر | ئەندام |
| ٩ | شادی نوزاد وهاب | ئەندام |
| ١٠ | هلز احمد محمد | ئەندام |
| ١١ | فرید یعقوب ایلیا | ئەندام |

**٦- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر :**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | د . صباح محمود محمد | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | شایان کاکە صالح | جێگری سەرۆک |
| ٣ | زانا خالید سمایل | بڕیاردەر |
| ٤ | گلاویژ عبید عثمان | ئەندام |
| ٥ | بەختیار شوکری سلێمان | ئەندام |
| ٦ | لوقمان حمد حاجی | ئەندام |
| ٧ | شنۆ اشقی عبدالله | ئەندام |
| ٨ | رۆژان ابراهیم علی | ئەندام |
| ٩ | جەلال محمد امین | ئەندام |
| ١٠ | کاظم فاروق نامق | ئەندام |
| ١١ | مسلم عبدالله رسول | ئەندام |

**٧- لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی:**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | سوسن محمد میرخان | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | ژیان طاهراحمد | جێگری سەرۆک |
| ٣ | هەژان حسن احمد | بڕیاردەر |
| ٤ | ادریس اسماعیل عبوش | ئەندام |
| ٥ | سروان محمد علی | ئەندام |
| ٦ | عبدالناصر احمد علی | ئەندام |
| ٧ | بهمن کاك عبدالله | ئەندام |
| ٨ | رزگار محمد محمود | ئەندام |
| ٩ | دیاری انور حمە رحیم | ئەندام |
| ١٠ | هەورامان حمە شریف | ئەندام |
| ١١ | فاهیك كمال صوغومون | ئەندام |

**٨- ئەندامانی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی:**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | رێبوار عبدالرحیم عبدالله | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | کاروان عبدالرحمن عبدالله | جێگری سەرۆک |
| ٣ | ئاشنا عبدالله قادر | بڕیاردەر |
| ٤ | ژیان طاهر احمد | ئەندام |
| ٥ | چیا حمید شریف | ئەندام |
| ٦ | سلمە فتاح توفیق | ئەندام |
| ٧ | بەڵێن اسماعیل حاجی | ئەندام |
| ٨ | ادریس اسماعیل عبوش | ئەندام |
| ٩ | سیروان فرج محمد | ئەندام |
| ١٠ | عبدالستار مجید قادر | ئەندام |
| ١١ | محمد سعد الدین انور | ئەندام |

**٩- لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم:**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | جوان یونس محمد | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | جمال حوێز مصطفى | جێگری سەرۆک |
| ٣ | عبدالناصر على كاكەولا | بڕیاردەر |
| ٤ | مم اسكندر مم اسكندر | ئەندام |
| ٥ | سفين اغا عمر اغا قادر | ئەندام |
| ٦ | هديە مراد حيدر | ئەندام |
| ٧ | ليزا فلك الدين صابر | ئەندام |
| ٨ | شيرين امين عبدالعزيز | ئەندام |
| ٩ | گۆران عمر على | ئەندام |
| ١٠ | سيروان فرج محمد | ئەندام |
| ١١ | محى الدين حسن يوسف | ئەندام |

**١٠- لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | بەڵێن اسماعیل حاجى | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | گليزار رشيد حاجى | جێگری سەرۆک |
| ٣ | سەرکۆ ئازاد حسين | بڕیاردەر |
| ٤ | پێشەوا طاهر مصطفى | ئەندام |
| ٥ | ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله | ئەندام |
| ٦ | جيهاد حسن ابراهيم | ئەندام |
| ٧ | كاروان عبدالرحمن عبدالله | ئەندام |
| ٨ | بەختيار شكرى سلێمان | ئەندام |
| ٩ | سۆران عمر سعيد | ئەندام |
| ١٠ | شێرکۆ جودت مصطفى | ئەندام |
| ١١ | جنان جبار بويا | ئەندام |

**١١- لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتو گوزار و ئاوەدان کردنەوە و وەبەرهێنان**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | هاورێ بناء محمد | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | رزگار عيسى سوار | جێگری سەرۆک |
| ٣ | نزار ملا عبدالغفار | بڕیاردەر |
| ٤ | بهجت على ابراهيم | ئەندام |
| ٥ | ظاهر محمد على | ئەندام |
| ٦ | شوان كريم محمد | ئەندام |
| ٧ | ذكرى احمد اسماعيل | ئەندام |
| ٨ | رزگار محمد محمود | ئەندام |
| ٩ | سيپان سالم حسن | ئەندام |
| ١٠ | سەرچنار احمد محمود | ئەندام |
| ١١ | كلارا عوديشو يعقوب | ئەندام |

**١٢- لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان :**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | لقمان حمد حاجى | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | جلال محمد عبدالله | جێگری سەرۆک |
| ٣ | محسين حسين مصطفى | بڕیاردەر |
| ٤ | سعيد مصطفى تەتەرخان | ئەندام |
| ٥ | پێشەوا طاهر مصطفى | ئەندام |
| ٦ | فيصل عباس عولا | ئەندام |
| ٧ | گۆران عمر على | ئەندام |
| ٨ | مەم بورهان محمد | ئەندام |
| ٩ | روپاك احمد رحمن | ئەندام |
| ١٠ | مسليم عبدالله رسول | ئەندام |
| ١١ | ئازاد اكرم بهرام | ئەندام |

**١٣-لیژنەی دەسپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا:**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | شیرین امین عبدالعزیز | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | سعید مصطفى تەتەرخان | جێگری سەرۆک |
| ٣ | رۆبینە اویملك عزیز | بڕیاردەر |
| ٤ | ویسی سعید ویسی | ئەندام |
| ٥ | شنۆ اشقی عبدلله | ئەندام |
| ٦ | دابان محمد حسین | ئەندام |
| ٧ | ئومێد عبدالرحمن حسن | ئەندام |
| ٨ | مژدە محمود محمد | ئەندام |
| ٩ | سەرچنار احمد محمود | ئەندام |
| ١٠ | لیلى عبدالجبار حدۆ | ئەندام |
| ١١ | ئایدن معروف سلیم | ئەندام |

**١٥-لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لەمافی ئافرەت ولەمافی مرۆڤ**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | رومیۆ حزیران نیسان | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | گلوستان سعید محمد | جێگری سەرۆک |
| ٣ | بدریە اسماعیل محمود | بڕیاردەر |
| ٤ | احسان محمد سلیم | ئەندام |
| ٥ | بێگەرد دڵشاد شکرالله | ئەندام |
| ٦ | سلمە فتاح توفیق | ئەندام |
| ٧ | جوان یونس محمد | ئەندام |
| ٨ | شادی نوزاد وهاب | ئەندام |
| ٩ | زانا خالید سمایل | ئەندام |
| ١٠ | مم اسکندر مم اسکندر | ئەندام |
| ١١ | ئایدن معروف سلیم | ئەندام |

**١٤- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | هەورامان حمەشریف حمەرشید | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | أحسان محمد سلیم | جێگری سەرۆک |
| ٣ | ویسی سعید ویسی | بڕیاردەر |
| ٤ | هدیە مراد حیدر | ئەندام |
| ٥ | ظاهر محمد على | ئەندام |
| ٦ | فیصل عباس عولا | ئەندام |
| ٧ | هێرش حسن حمد | ئەندام |
| ٨ | کاوە عبدالقادر حسن | ئەندام |
| ٩ | جهاد حسن ابراهیم | ئەندام |
| ١٠ | اسماعیل على طه | ئەندام |
| ١١ | کلارا عودیشۆ یعقوب | ئەندام |

**د.ڤالا فرید أبراهیم**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

**بە ناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان- عێراق**
**ژمارەی فەرمان:٢**
**مێژووی فەرمان : ١٠/ ٤ / ٢٠١٩**

**فەرمان**

**ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشت بە بڕیاری ژمارە (٤) ی دەرچووی رۆژی ٢٠١٩/٣/١٢ ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق و حوکمی بڕگە (سێیەم، چوارەم) لە ماددەی (٢٨) ی پەیڕەو ناوخۆی پەرلەمان، بەرێز ( رۆژان أبراهیم علی) هەڵبژێردرا بە بڕیاردەری لیژنەی ( کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر).

**د.ڤالا فرید أبراهیم**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ١٩٦٢ لە ٢٠١٩/٤/٧**

## بڕیار

پشت بەست بە هەردوو ماددەی(چوارەم) و(هەشتەم) لە یاسای (قانون أصول المحاسبات العامة) ژمارە(٢٨)ی ساڵی ١٩٤٠ی بەرکار، و بڕگەی(٩) لە بەشی (نۆیەم) لە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی و قەرزی گشتی (قانون الادارة المالية والدين العام) ژمارە (٩٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ کە تیایدا هاتووە پارە تەرخانکراوەکان بۆ یەکەکانی خەرجی پێویستە تاوەکو ڕێکەوتی ٣١ی کانونی یەکەمی هەر ساڵێکی دارایی بەکاربهێنرێن ، و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١٠٥) لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە(٢٥) لە ٢٠١٧/٤/١٧ ، بڕیار درا بە :-

١- کۆتایی پێهێنان بە سەرجەم ڕەسیدی تەمویلکراوی پاشماوە(الارصدة الممولة المتبقية)ی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و گشت دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کە تاوەکو ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٢/٣١ بەکارنەهێنراون بەبێ ڕەچاوکردنی سەرچاوەی پارەدارکردن(تمويل) کە پێشتر وەکو قەرز یان پابەندیی دارایی لە ئەستۆی وەزارەتی دارایی و ئابووری تۆمار کراون ، و بەپێی ڕێنمایی دارایی ئامادەپێدراو لە بڕگەی(٣)ی ئەم بڕیارە مامەڵە دەکرێن.

٢- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی فەرمانگەی بەڕێوەبردن و هەماهەنگی قەرزی گشتی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕگەی(١)ی سەرەوەی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن بە کوژانەوەی ئەو بڕی قەرز و پابەندییە داراییانەی پەیوەندیدارن بە هاتوو لەو بڕگەیەدا.

٣- وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی دارایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات.

٤- گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و دامەزراوەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ١٦٥٣ لە ٢٠١٩/٣/٣١**

پاڵپشت بەبڕگەی (سێیەم) لەماددەی (پێنجەم) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ و بەندی یەکەم لە ماددەی یازدە و ماددەی (بیست و پێنج)ی یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٢ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**

**پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی نەمامگە**

**ماددەی (١) :پێناسەکان**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە – بۆ مەبەستی ئەم ڕێنمایانە - واتاکانی ڕوونکراوەی هەر یەک لەوانەیە:

١. **وەزارەت**: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان _ عێراق

٢. **وەزیر** : وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

٣. **بەڕێوەبەرایەتی گشتی**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان .

٤. **بەڕێوەبەرایەتی باخداری** : بەڕێوەبەرایەتی باخداری لەناو پەیکەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان .

٥. **بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان**: بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان.

٦. **نەمامگە** : نەمامگەی بەرهەمهێنانی نەمامی دارستان و باخداری ( میوە و جوانکاری و شەتڵی سەوزەوات).

**ماددەی (٢): مەرجەکانی زەوی تایبەتمەند بۆ دامەزراندنی نەمامگە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

١. ئەگەر زەوی کشتوکاڵی بێت ، پێوستە کەسی داواکاری مۆڵەتی نەمامگە خاوەن مولکەکە بێت یان مافی بەکارهێنانی هەبێت و یان بەکرێگیراو بێت بۆ ماوەیەکی درێژ یان بە بڕیاری دابەشکردن بە پێی گرێبەستی کشتوکالی هەمیشەیی یان بە بریاری دابەشکردن بە پێی یاسا .

٢. ئەگەر زەوییەکە لەناو سنوری ماستەر پلانی شارو شارۆچکەکان بێت پێویستە داواکاری مۆڵەت ڕەزامەندی یاسایی لە شارەوانی ناوچەکەی هەبێت .

٣. پێویستە ئەو زەویەی نەمامگەی لەسەر دروست دەکرێت بەراو بێت یاخود بە هۆکارێک ئاو بدرێت کە چەسپێندراو بێت لە بڕیاری تەسویە یان وێنەی تۆماری زەویەکە ئاماژەی بە سەرچاوەی ئاوەکە کرابێت. ئەگەر سەرچاوەی ئاوەکە بیر بوو ، پێویستە مۆڵەتی هەڵکەندنی بیری هەبێت.

**ماددەی (٣):**

مۆڵەت دەدرێت بەدامەزراندنی نەمامگە لەسەر ئەو زەوییانەی کە (تسوية) نەکراون و ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە ( ٩٠ ) ی ساڵی ١٩٧٥ یاسای ڕێکخستنی زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان کە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی(حکم الذاتی) دەیانگرێتەوە بەر ئەم یاسایە دەکەون بەم مەرجانەی خوارەوە :

١. وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی بۆ ئەو زەویانەی کە خاوەنداریەتی بۆ ئەو دەگەرێتەوە.
٢. پشتگیر کردنی فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە ( لق یان بەشی زەویەکان) .
٣. پشتگیری ئەنجومەنی گوند لەگەڵ (٢) شاهیدی دانیشتووی هەمان گوند .
٤. زەویی هێڵکاری (مرتسم) لە لایەن رووپێوی کشتوکاڵی لە ناوچەکە بۆ دروست بکرێت و لە لایەن فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە پەسەند بکرێت.
٥. ڕەزامەندیی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی وزار وەربگیرێت .

**ماددەی (٤) : ڕووبەری ڕێگە پێدراو:**

١- دەبێت ڕووبەری نەمامگە ی دارستان و باخداری (میوە) لە (٥ ) دۆنم کەمتر نەبێت.

٢- دەبێت ڕووبەری نەمامگەی جوانکاری و شەتڵی سەوزەوات لە(٣) دۆنم کەمتر نەبێت.

٣- ئەگەر پرۆژەکە وەبەرهێنان بوو و زەوی پرۆژەکە لەلایەن فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمەوە دابین کرابوو، نابێت لە هەموو حاڵەتێکدا ڕووبەرەکە لە (٥٠) دۆنم زیاتربێت .

**ماددەی (٥): ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەت**

١- داواکار داوا پێشکەش دەکات لە ڕێگەی هۆبە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی کشتوکاڵ و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان لە ناوچەکە لەگەڵ پێشکەشکردنی تەواوی زانیاری و نەخشە و پێویستییەکان دیاریکراو بن لە داوایەکەدا.

٢- بەپێی جۆری نەمامگەکە داواکە بەرز دەکرێتەوە یان بۆ بەڕێوەبەرایەتی باخداری یان بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان و بەپێی جۆری نەمامگەکە.

٣- ئەگەر داواکار مەبەستی بوو هەردوو جۆری نەمامگەی باخداری ودارستان دابمەزرێنێت لەسەر هەمان پارچە زەوی،داواکە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ دەکرێت و هەرلەوێش مۆڵەتی پێدەدرێت پاش ئەوەی پشکنینی بۆ دەکرێت لەلایەن لێژنەی ئاماژە پێکراو لە مادەی (دەیەم)دا .

٤- پاش پشکنین و ڕەزامەندی سەرەتایی لەلایەن هۆبە و بەشە تایبەتمەندەکان لە بەڕێوەبەرایەتی باخداری و بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان نووسراوی فەرمی دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمانگا و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٥- پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان و تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکانی تەرخانکردنی زەویان لاری نەبوونی وەزیر ، ئینجا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تایبەتمەندەوەڕێگا پێدانی پێدەدرێت.

٦- ڕێگە پێدانی سەرەتایی تەنیا بۆ (١) یەک ساڵ دەبێت و لەم ساڵە دەبێت داواکاری مۆلەت وەرگر هەموو پێداویستیەکانی نەمامگەی ئەنجام بدات لەوانە بەرهەم هێنانی شتڵ و نەمام و ئەگەر بیانوویەکی پەسندکراو (عذر مشروع) ی نەبێت بە پێچەوانەوە ڕێگە پێدانە هەمیشەییەکە هەڵدەوەشێتەوە .

٧- رەزامەندی سەرەتایی دەگۆردرێت بۆ مۆلەتی هەمیشەیی پاش تەواوکردنی پێداویستیەکانی ئاماژە پێکراو لە برگەی (٦) لەوانە کارە ئەندازەیی و هونەرییەکان .

**ماددەی (٦) :**

ئەگەر خاوەن نەمامگە پسپۆری و لێزانی لە کشتوکاڵ نەبوو ، بە پشت بەستن بە پشتگیری فەرمانگەی کشتوکالی تایبەتمەند ، دەبێت گرێبەستی هەبێت لەگەڵ دەرچوویەکی ئامادەیی یان پەیمانگە یان زانکۆی کشتوکاڵی کە پسپۆر و لێزانیەکەی گونجاو بێت لەگەڵ کاری نەمامگەدا و ڕەزامەندی سەندیکا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەبێت .

**ماددەی (٧):**

پێویستە خاوەن نەمامگە پەیوەست بێت بە یاسای کەرەنتینە (الحجر الزراعي) کشتوکاڵی بەرکار لە هەرێم وسەرجەم رێنماییە هونەرییەکانەوە چ ئەوانەی لەیاسای دارستانی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٢)دا ئاماژەیان پێدراوە یان لە لایەن فەرمانگە پەیوەندیدارەکانەوە ئاراستە دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستە (بەڵێننامە)ی فەرمی لێ وەردەگیرێت.

**ماددەی (٨):**

١. وەبەرهێنەری داواکاری دامەزراندنی نەمامگە لەسەر زەوی بۆ تەرخانکراو پێشکەش دەکات بە پێی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤) سالی (٢٠٠٦) یان هەر یاسایەکی تر کە جێگای بگرێتەوە، لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی ئەو رێنماییانەی کە لە ماددەکانی دووەم و پێنجەم دا هاتوون ، و بۆ ئەمەش پێویستە رەزامەندی وەزیر وەربگیرێت.

٢. ئەگەر وەبەرهێنەر خاوەن زەوی تەرخانکراو نەبوو یان مافی بەکارهینانی نەبوو ، ئەوا ئەو تەرخانکردنە هەر چەندە بۆ ماوەیەکی درێژ بێت وەبەرهێنەر ناتوانێت ببێت بە خاوەنی و یان مافی بەکار هێنان بدات بە کەسێکی تر .

**ماددەی (٩):**

١- پێویستە خاوەنی نەمامگە سالانە مۆڵەتەکە نوێ بکاتەوە.

٢- خاوەنی نەمامگە بۆی نیە هیچ گۆرانکارییەک لە نامامگەکەدا بکات تەنها بەرەزامەندی لایەنی مۆڵەتدەر نەبێت.

**ماددەی (١٠):**

١. هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان لێژنەیەکی هاوبەش پێکدەهێنن بەسەرۆکایەتی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زار و ئەندامێتی هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی باخداری و دارستان و پاوان و ڕووپێوێك .

٢. لیژنەی ئاماژە پێکراوی برگەی (١) هەڵدەستێ بە پشکنینی ئەو زەویانەی کە لە سنووری پارێزگا یان لە ئیدارەی سەربەخۆ دەکرێن بە نەمامگە.

**ماددەی (١١):** ئەم کرێیانەی خوارەوە وەردەگیرێن لە خاوەن مۆلەت :

١. (٢٥،٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار عێراقی کرێی پشکنینی زەوی .

٢. (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار عێراقی کرێی دەرهێنانی مۆڵەت.

٣. (٤٠،٠٠٠) چل هەزار دینار کرێی نوێکردنەوە و گواستنەوە و وازهێنانی مۆڵەت.

**ماددەی (١٢) :**

١. ئەگەر زەوییە بەخشراوەکە بەگرێبەستی کشتوکاڵی بوو یان بڕیاری دابەشی لەسەر بوو پێویستە داواکاری دامەزراندنی نەمامگە تەنها لە لایەن خاوەنی گرێبەست یان دابەشەکە بێت.

٢. بڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێت وەک کرێی ساڵانە بۆ هەر دۆنمێک و گرێبەستەکە لە لایەن هۆبەی یاسا لە بەشی زەوی و زار ڕێکدەخرێت لە نێوان داواکار و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆدا.

٣. خاوەن مۆلەت بۆی نییە خانوو یان دامەزراوە لەسەر زەوی تەرخانکراو بۆ نەمامگە دروست بکات، جگە لەوانەی کە پێویستن وەك شوێنی مانەوە و ئیدارەی نەمامگە ،کە لە مۆڵەتەکەدا ئاماژە پێکراوە.

**ماددەی (١٣):**

١. خاوەن مۆڵەت بۆی هەیە مۆڵەتەکەی بگوازێتەوە بۆ کەسێکی تر یان وازی لێبهێنێت (تنازل) بەپێی مەرجانەی خوارەوە:

**أ.** تێپەڕبوونی ماوەی ( ٥ ) پێنج ساڵ بەسەر ماوەی مۆڵەت پێدانەکەی.

**ب.** بوونی ئەو مەرجانەی لەم ڕێنماییانەدا لەو کەسەی کە مۆڵەتەکەی بۆ دەگوازرێتەوە.

**ج.** ڕەزامەندی فەرمانگەی کشتوکاڵی تایبەتمەند .

٢- لە کاتی مردنی خاوەنی نەمامگەکە ، خاوەنداریەتی و مۆڵەتەکە دەگوازرێتەوە بۆ میراتگرەکانی لە دوای ڕێکەوتنی میراتگرەکان بە بریکارنامە یاخود ڕێگاپێدانی فەرمی (تخویل) لە نێوان خۆیاندا بۆ دەستنیشان کردنی یەکێکیان وەک نوێنەریان ، و دەکرێت ڕێکبکەون لەسەر بەڕێوەبردنی نەمامگەکە لەلایەن کەسێکی تر جگە لەوانە. و لە کاتی ڕێکنەکەوتنی میراتگرەکان دەکرێت بەڕێوەبردنی نەمامگەکە بدرێت بەو کەسەی کە خاوەن زۆرترین پشکە و داواکاری پێشکەش دەکات بە فەرمانگەی کشتوکاڵ کە مۆڵەتی پێبەخشیوە بۆ دامەزراندنی کەسێک بۆ بەڕێوەبردنی نەمامگەکە ، ئەگەر لە ماوەی ساڵێک لە بەرواری مردن هیچ یەکێک لەو ڕێکەوتنانە لە ماوەی ساڵێک لە بەرواری مردن نەکرا ، ئەوا مۆڵەتەکە و هەموو ئەو مافانەی دەکەوێتە سەری هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٤):**

**١.** بنەماکانی ئەو رێنمایانە لەسەر نەمامگەی دامەزراو جێ بەجێ دەکرێت پێش دەرچوونی و پێویستە خاوەنەکانی کار و کردەوەکانیان رێکبخەن بە پێی رێنماییەکان لە ماوەی (٩٠) رۆژ لە دوای دەرچوونی ئەو رێنمایانە .

**٢.** لە کاتی نەبوونی ئەو مەرجانەی کە لە رێنمایەکان دا هاتووە ، لەسەر نەمامگەی دامەزراو پێویستە پێش دەرچوونی ئەو رێنماییانە نەمامگەکەیان بگۆرن بۆ شوێنی بەرهەمێنانی نەمام یان پێشەنگای فرۆشتنی نەمام و هەموو ئەو یاسا و رێنماییانەیان بەسەردا جێ بە جێ دەکرێت کە بەرکارن.

**٣.** پێویستە لایەنی تایبەتمەند و پەیوەندار هەڵبستێت بەکۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو پێشەنگایانەی کە لە برگەی (٢)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە و رێکخستنەوەیان بە پێی ئەو یاسا و رێنمایانەی کە بەرکارن.

**ماددەی (١٥) :** لایەنی مۆلەتدەر ، مۆلەتەکە هەڵدەوەشێنێتەوە لەم بارانەی خوارەوە:

١. گۆرینی ئەو مەبەستەی کە مۆڵەتەکەی پێوەرگیراوە بەبێ رەزامەندی لایەنی مۆڵەتدەر.

٢. وەستان لە بەرهەمهێنان بۆ ماوەی ساڵێک بەبێ هیچ بیانویەکی پەسەندکراو.

٣. نوێ نەکردنەوەی مۆڵەت بۆ ماوەی سێ ساڵ بەبێ هیچ بیانویەکی پەسەندکراو.

٤. گواستنەوەی خاوەنداریەتی نەمامگە یان وازلێهێنان بۆ کەسێکی تر ، وەک سەرپێچیەك بۆ بنەماکانی ئەو رێنماییانە.

**ماددەی (١٦):**

١. هەموو خاوەن بەرژەوەندییەکان دەتوانن لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی پێراگەیاندنەوە، لەلایەن وەزیر تانە لەو بریارە کارگێریانە بدەن کە دەردەچن لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەو رێنماییانە.

٢. پێویستە وەزیر لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی پێشکەش کردنی تانە وەلامی تانەکان بداتەوە .

٣. دەشێ تانە لە بریاری وەزیر بدرێت بەپێی یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ یان هەر یاسایەکی تر کە جێگای بگرێتەوە.

**ماددەی (١٧):**

ئەو رێنمایانە جێ بەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**رێباز محمد حملان**

**وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو بەوەکالەت**

**وەزارتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٢٩٨٠/٤/٩ لە ٢٠١٩/٤/١**

## ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩
## گەڕاندنەوەی پشکی پێشینەی هاوسەرگیری

وەکو ئاگادارن زۆرێك لە فەرمانبەرانی سەر بە میلاکی گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بوونەتە کەفیلی هاووڵاتیان بۆ مەبەستی وەرگرتنی پێشینەی هاوسەرگیری لە هەمان کاتدا سوودمەندانی هاووڵاتی لەم پێشینەیە پابەند نابن بە گەرانەوەی پشکە شایستەکانی ئەم پێشینەیە لە ڕێکەوتی شایستە بوونیان بۆیە پێویستە کاری پێویست ئەنجام بدرێت بەمەبەستی هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتمان بۆ گەڕانەوەیان:-

**یەکەم:** گەنجینەی پەیوەندیدار بە نووسراوی فەرمی ئاگاداری ئەو فەرمانگە و دام و دەزگایانە دەکاتەوە کە فەرمانبەرەکانیان بوونەتە کەفیلی هاووڵاتیان بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەیان و ڕاگرتنی مووچەیان تاکو ماوەی(٣)مانگ.

**دووەم:** لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی ئاماژەپێکراو ئەگەر پشکەکانی شایستەی پێشینەی هاوسەرگیری نەگەڕێندرایەوە پێویستە فەرمانگەکان پشکی شایستە لە مووچەی کەفیل ببڕێت و ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی پەیوەندیدار بکاتەوە و بڕی مووچەی ماوە بۆ فەرمانبەری کەفیل خەرج بکرێتەوە .

**سێیەم:** لە حاڵەتی وەرنەگرتنی ڕێکاری پێویستی هاتوو لە خاڵی (یەکەم و دووەم)ی سەرەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری پێش تمویل کردنی مووچەی مانگانەی فەرمانگە و دام و دەزگاکان بڕی شایستە لەبڕی مووچەکانیان دادەشکێنرێت ئەمەش پاش دیاری کردنی بڕەکانی شایستە لەلایەن گەنجینەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان کە پێویستە بڕدرێت

**چوارەم:** ئەم ڕێنماییە سەرجەم ئەو پشکانەش دەگرێتەوە کە پێشتر شایستەی گەڕانەوە بوون بەڵام نەگەڕێندراوەتەوە و بۆ هەر مانگێك لە مووچەی بڕی(١٨٠٠٠٠) سەد و هەشتا هەزار دینار کە دەکاتە پشکێکی شایستە دەبڕدرێت تاکو پاکتاوکردنی سەرجەم پشکە کەڵەکە بووەکان.

**پێنجەم:** لەحاڵەتێکدا ئەگەر فەرمانبەری کەفیل گواستنەوەی ڕاژەی بۆ کرابێت بۆ فەرمانگەیەکی تر گەنجینەی پەیوەندیدار پاش ئاگادارکردنەوەیان لەلایەن ئەو فەرمانگەیە کە فەرمانبەرەکەی گواستراوەتەوە بەهەمان میکانیزم نووسراو ئاراستەی ئەو فەرمانگەیە دەکات کە بۆی گواستراوەتەوە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕێکاری هاتوو لەم ڕێنماییە.

**شەشەم:** ئەم ڕێنماییە لەڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێباز محمد حملان**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٢٩٨٠/٤/٩ لە ٢٠١٩/٤/١**

## ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩

## جیاوازی مووچە و دەرماڵەکان

ئاماژە بە ڕێنماییەکانمان ژمارە(٩و١٧و١٨)ی ساڵی٢٠١٨ کە تایبەتن بە خەرج کردنەوەی جیاوازی مووچە و دەرماڵەی مووچە خۆران ، ئەو مووچە خۆرانەی کە بە هەڵە کەمتر یان زیاتر لە (مووچە و دەرماڵەکان)ی شایستە یان بۆ خەرج کراوە ، و بەهۆی نەمانی سیستەمی پاشەکەوت کردنی مووچە لە مانگی (کانوونی یەکەمی) ساڵی/٢٠١٨ و بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەم هەڵانە بڕیاردرا بە بەردەوام بوون و کارکردن بە ناوەرۆکی ڕێنماییەکانی سەرەوە بە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە :-

**یەکەم** / ڕەچاوی ڕێژەی پاشەکەوتی مووچە بکرێت بەپێی مانگەکانی شایستەبوونی.

**دووەم** / لە حاڵەتێکدا ئەگەر کەمتر لە شایستەی مووچە و دەرماڵە بۆ مووچە خۆران خەرج کرابێت مانگانە تاکو بڕی(١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار خەرج بکرێتەوە و ئەگەر گوژمەی جیاوازی مووچە و دەرماڵەی مووچە خۆرەکە لە بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر بێت پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان/ ب- خەرجییەکان وەربگیرێت .

**سێیەم**/ ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١ ەوە کاری پێ دەکرێت تاکو ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٣١ .

**چوارەم**/ ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**ڕێباز محمد حملان**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٣٢٧٢/٤/٩ لە ٢٠١٩/٤/٣**

## رێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٩
## هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە

پاڵپشت بە بڕیاری کۆبوونەوەی ژمارە(٥٢)ی ئەنجومەنی وەزیران لە رۆژی ٢٠١٩/٣/٨ بە ژمارە(١٤١) لە رۆژی ٢٠١٩/٣/٨ کە بە نووسراوی سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە/١٥٨٦ لە ٢٠١٩/٣/١٨ ئاراستەی وەزارەتمان کراوە و تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران پەیوەست بە پەیرەوکردنی سیستەمی پاشەکەوتکردن لە شایستە داراییەکانی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بە -:

**یەکەم** / هەڵوەشاندنەوە رێنماییمان ژمارە(١٥)ی ساڵی/٢٠١٦ کە پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٦٤) لە ٢٠١٦/٢/٣ کە بە نووسراوی سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە/٨٢٤ لە ٢٠١٦/٢/١٦ گشتاندنی بۆ کراوە.

**دووەم** / ئەم رێنماییە لە رێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١ ەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**رێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٣٦٣٣/٤/٩ لە ٢٠١٩/٤/١١**

**رێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٩**

**تایبەت بە لێخۆشبوون لە پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە و سندوقی نیشتەجێبوون**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦١) لە ٢٠١٧/١/٩ تایبەت بەو پێشینانە کە وەرگیران لەلایەن هاوسەری ( شەهیدان و بێ سەرو شوێنانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی پاسەوانی سنوور و هاوڵاتیانی خۆبەخش و فەرمانبەرانی راژەی شارستانی ) و لەسەنگەرەکانی دژ بە تێرۆرستانی داعش گیانیان بەخت کردووە یان بێ سەرو شوێن بووان ، وەکو قەرزەکانی ( هاوسەرگیری ، خانووبەرە و سندوقی نیشتەجێبوون ) بڕیاردرا بە:-

